# گەیشتن

# بە خۆشبەختی

# و

# بەختەوەری

ناصری سوبحانی

وەرگێڕانی: زوبێر عەلی عارف

# ناسنامه

**ناميلكه:** گەیشتن بە خۆشبەختی و بەختەوەری

**نووسینی:** ناصری سوبحانی

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە:** زوبێر علی عارف

**دیزاین:** عباس علی

**بەرگ :** شێرکۆ خانزادی

**چاپ:** چاپی یەکەم – ٢٠٠٧

**چاپخانە:** چاپخانەی شارستان _ سلێمانی

**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردنی (٦٢٣) ساڵی (٢٠٠٧) وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە.

**مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ.**

## گەیشتن بە خۆشبەختی و بەختەوەری

یەکێک لەو شتە گرنگ و بنەرەتییانەی کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی لەژیانی ڕۆژانەیدا دیاری کردنی ئامانج و ڕێڕەوی ژیانیەتی، بەڵام ئایا هەموو کەسێک بیری لەم مەسەلەیە کردۆتەوە یاخود ئایا ئەزانێت لە حەقیقەتدا لە کوێوە هاتووە؟ بۆچی هاتووە؟ بۆ کوێ دەچێت؟ بەڕاستی ئێمە بەدوای چ شتێکەوەین؟ بۆچی خەڵکی هێندە خۆیان توشی سەختی و ڕەنج و مەینەتی دەکەن؟ ئەم هەموو خۆ ماندووکردن و سەختی و ڕەنجە لەپای چیدایە و بەدوای چ شتێکەوەن و دەیانەوێ بە چی بگەن؟

ئەگــەر لــە تاكــەی تاكــەی خــەڵكی بپرســین و ئامارێكی تەواو لە وەڵامەكانیان وەربگرین دەبینین لە ١٠٠٪ ی ئەمانە ئەم وەڵامە دەدەنەوە كـە: بـە دوای خۆشبەختی و كامەرانییەوەم و دەمــەوێ لــە چارە ڕەشی و بەدبەختی دووركەومەوە. بەڵام ئایـا تائێستا لە خۆتان پرسیوە كە ڕەمـزی خۆشـبەختی ڕاستەقینە و كامەرانی لە چیدایە؟ چ كەسـێك بـە بەختــەوەر دەزانــن؟ چــۆن دەتــوانرێ هەســت بەخۆشبەختی و كامەرانی بكرێ؟ ئەگەر بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەش لە یەك بەیەكی خەڵكی پرسـیار

**بکـــەین؟ ڕووبـــەڕوی چـــەندین وەڵامـــی جیـــاواز و لەیەک جیادەبینەوە،**

**هـــــەروەها بەداخـــــەوە ئـــــەوەشمان بـــــۆ دەردەکەوێت کە زۆرێک لە خـەڵکی تەنانـەت لـە مانای ڕاستەقینەی خۆشبەختی تێ نەگەیشتوون.لە ئەنجامـدا ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ڕێ و ڕێڕەوی پێچەوانە بگرنەبەر، کە نەک تەنها بەرەو خۆشـبەختی کامـەرانی نایانبـات، بـەڵکو بـەرەو نابودی و زەلیلی و پەستییان دەبات و ژیانییـان لێ تاڵ و بێهودە دەکات.**

ئەو کەسانەی کە بە دوای پلە و پایە و، ماڵ و سەروەت و سامان و، هێز و دەسەڵات و، جوانییەوەن و، خۆیان لەپێناوی ئەمانەدا دەخەنە ناو ڕەنج و مەینەتی و مەترسییەوە ، ئایا بەڕاستی خۆشبەخت و بەختەوەرن یان نا؟ ئاشکرایە کە هەموو یەکێک لە ئێمە بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی بەختەوەری لە هەوڵ و کۆششێکی بەردەوام داین، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە سەروەت و سامان و پلەوپایە ڕێگەی گەیشتن بە خۆشبەختی و کامەرانی نەبوون و ناشبن، هەربۆیە

پێویستە سەرەتا خۆشبەختی ڕاستەقینە بناسین تـا بزانین ئایا خۆشبەختین یا نا؟

## پێناسەی خۆشبەختی

خۆشـبەختی و بەختـەوەری ئەوەیـە کـە مـرۆڤ بگاتە ئەو حاڵەتەی کە لە نـاخ و دەروونیـدا هـیچ پاڵنەر و هانـدەرێک لـە خـەم و پـەژارە (حـزن) و ترس (خوف ) بوونی نەبێت، واتە هیچ یەکێک لەم دووانە بەلایەنی سلبی کاری تیْ نەکات و تووشـی دوو دڵـی و دڵـەراوکێی نـەکات، ئەمـەش واتـە گەیشتن بە ئارامی و ئاسوودەییەکی ڕۆحی تەواو.

ئەگەر کەسەکە بگاتە ئەم حاڵەتـە ئـەوا بەڕاسـتی گەیشتووەتە پلەی زیندووبوون و چـێژ وەرگرتنـی ڕاسەقینە لە ژیان و بەدەست هێنانی بەختـەوەری ڕاستەقینە، بەڵام ئەگەر پێچەوانەی ئەوە بوو ئەوا ناڕەحەتی و بەدبەختی و ئازار و خەم و دڵـەڕاوکێ هەموو ژیـانی دەگرێتـەوە و، ئـیتر ئـەم ژیانـە و مانــەوەی تێیــدا بــەلاوە دەبێتــە ئەشــکەنجە و دۆزەخێک کە هەمیشە ئازاری دەدا .

لێرەدا بەکورتی ئەو ڕێگا و هۆکارانـە دەخەینـە ڕوو کە خەڵکی بە ڕێرەوی گەیشتن بە خۆشبەختی و بەختــەوەرییان دەزانــن و، وادادەنــێن کــە

بەگەیشتن پێیـان دەبنـە مرۆڤێکـی خۆشـبەخت و بەختەوەر لە ژیاندا.

## ماڵ و سامان

ماڵ و سامان یەکێکە لەو شتە زۆر گرنگانەی کە زۆربەی خەڵکی بەدوایدا وێڵ و سەرگەردانن و بە هۆکارێکی گرنگـی کامـەرانی دەزانـن و مامەڵـەی لەگەڵدا دەکەن.دەبینین چ تەماعێک زاڵە بەسـەر نەفسی مرۆڤدا لە هەڵپەکردن بۆی کـە ئامادەیـە هەموو شتێک بکاتە قوربانی تا بەدەستی بهێنێت، بەلأم ئایا ئێوە تا ئێستا کەسێکتان بـەدی کـردووە

**کە لەم پلەیەدا گەیشتبێت بە پلەو پایە یان پۆست و مەقامێك کە تیایدا ئیتر خەتێك بەسەر نەفسیدا بهێنێت؟! و بڵێت:(( من گەیشتووم بەتەواوی ئارەزوو و ئاواتەکانم و هەموو ئەو شتانەی کە لەژیانمدا دەمویستن و تامەزرۆیان بووم ئەوا هەموویانم بۆ هاتنە دی، لەبەرئەوە ئیتر من هیچ شتێکی ترم لە ژیان ناوێت.))**

**ئایا هەرگیز دەتوانن لە نێوان ئەو کەسانەی کە شەیدا و تامەزرۆی خشڵ و زێڕ و زیون کەسانێك بدۆزنەوە تەنانەت ئەندازەی دوو کێو ئاڵتون و زێڕ و زیویان هەبێت و، ئاگاداری**

**کێویکی تری ئاڵتون بن، بەڵام نەیانەوێ بە شتی زیاتر بگەن و هەوڵی بۆ نەدەن؟! ئەمەش ئاماژەیە بۆ فەرمودەیەکی پێغەمبەر( درودی خوای لێ بێت ) کە دەفەرموێ :(( ئەگەر مرۆڤ دوو شیوی پڕ زێڕ و زیوی هەبێت بەدوای شیوی سێیەم دا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بەدەستی بهێنێت.)) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە تەماع و نەفسی مرۆڤ بە هیچ شتێك تێر نابێت، مەگەر تەنها بە خاك یان بە قەناعەت، وەك چۆن شاعیری بەناوبانگی فارس سعدی شیرازی دەڵێ:**

*چشم تنگ مرد دنیا دوست را*

*یا قناعت پر کند یا خاک گور*

قەناعەت بۆ کەسانێکە کە لە تەماع و چاو چنۆکی دوورن و بەرین لێی، واتە ئەوەی کە لە چاوچنۆکی و هەوڵی بێهودە دوورە ئەوە کەسێکی (قانع)ە، بەڵام دونیاویستەکان و ماڵ سەروەت دۆستەکان تا ئەو ساتەی لەم دونیایەدان تەماع و چاو چنۆکی هاودەمیان دەبێت و تا ئەو ساتەش کە خاکی گۆڕ چاو و قوڕگیان پڕنەکاتەوە لەو تەماعە وازناهێنن و، هەر بەتەماعی دونیاوە سەر دەنێنەوە. ئەم جۆرە کەسانە هەرگیز دان

بەوەدانانێن کە بەخواست و ئاواتەکانیان گەیشتوون و، هەمیشەو بەردەوامیش هەست بە نەقص و کەم و کورتی دەکەن. ئەمەش وایان لێ دەکات کە بەردەوام لە خەیاڵ و خەمی لە دەست دان و بەدەست هێنانی خواستەکانیان بن و بەردەوام لە بازنەی نا ئارامیدا ژیان بەسەر بەرن و ژیانی ڕاستەقینەو ئاسودەیی ژیان هەست پێنەکەن.

خەم و نائارامیش حاڵەت و هەستێکە کە لە ئەنجامی کەم بوون و کەم و کورتیی داواکاری و خواستەکان، یان توش بوون بە پێشهاتی چاوەڕوان

نەکراو و نەخوازراو و ناخۆش لە مرۆڤدا دروست ئـەبێت و ئـازاری ڕۆحـی و مەعنـەوی کەسـەکە دەدات تـا ئـەو کاتـە کـە خـەم دەبێتـە بـەرگی ژیانی.هەر لەبەر ئەوەی کە چاو چنۆکە و تـەماعی نادروسـتی هەیـە تینـوی مـاڵ و سـامان و پلـە و پایەیە هەمیشە هەسـت بەکـەمبوون و نائـارامی دەکات ئەمەش دەبێتە هـۆی ئـەوەی کـە خـەم و خەمگینی و نارەحەتی و بێ ئومێدی بەسەریدا زاڵ بێت و هەست بە ئارامی نەکات و شیرینی ژیـانی لێ تـاڵ بکـات و تـامی ڕاسـتەقینەی ژیـان و زیندووبوون نەچێژێ.

## ترس (خوف)

چ کەسێک زەمانەتی ماڵ و سامان و پلەو پایەیەک دەکات کە بە ڕەنجی شان و زەحمەتی خۆی بەدەستی هێناوە کە لە دەستی ناڕوات و هەروەک خۆی دەمێنێتەوە؟ بەدڵنیاییەوە هیچ کەس ناتوانێ زەمانەتی ئەوە بکات.بەهەر حاڵ گریمان کەسێک ئینکاری دەکات و وا هەست دەکات ئەوەی کە لە ماڵ و سامان کۆی کردۆتەوە و خەزینەی کردووە بۆ هەمیشە بۆی دەمێنێتەوە و، هەرگیز لەدەستی نادات، بەڵام

ئەی خۆی چی لێ بەسەردێ؟! ئایا دەتوانێ دڵنیابێ کە خۆی سەلامەت و، بۆ هەمیشە دەمێنێتـەوە تـا لە ماڵ و سامانەکەی هێندەی ئارەزووەکانی چێژ و خۆشی وەربگرێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئـەبێ بڵـێین نـەخێر، چـونکە هەمیـشە لـە کـەمینی مەرگدایە و لە پێشی هەموو ڕێڕەوێکیـدا مـەرگ چـاوەڕوانی دەکـات.ئەمـەش چـێژ و خۆشـی و ئارامییـە ڕۆحییەکـەی لێ دەسـێنێت و توشـی دڵەڕاوکێ و نا ئارامی و ناڕەحەتی دەکـات و ئـیتر ئـەو زەمانەتـەی کـە بـۆ سـەروەت و پلـە و مەقامەکەی دای نابوو تا لێرەدا ئیتر دەگاتە خـاڵی

ســـفر و دیـــسانەوە خۆشـــبەختی ڕاســـتەقینە دەدۆڕێنێت.

بەڵێ ترس لە مەرگ و ترس لە خـۆی، ترسـی فەنابوونی ماڵ و سامانەکەی و بە جێهێـشتنی ئـەو هەمووە سەروەت و سامانە، ترسێکی گەورەی بۆ دروســـت دەکـــات و خۆشـــی ژیـــانی لـــێ تـــاڵ دەکات.ئەگەر مـرۆڤ ڕێگـەی سـەروەت و سـامان کۆکردنەوە بۆ گەیشتن بە بەختەوەری هەڵبـژێرێ نەک تەنها بەدەستی ناهێنێت، بەڵکو دەبێتە هۆی زۆر کردنی ترس و دڵەڕاوکێ و هەست کردن بە

ترسنۆکی و دروست بوونی دوو دڵی و دڵەڕاوکێ لە ژیاندا.

نمونەیەك: دوکانداریکی گوندنشین بهێننە بەرچاوی خۆتان کە دەیەوێ هەموو ڕۆژێک (٥٠) هەزار دینار قازانج بکات، بەڵام پێچەوانەی چاوەڕوانییەکەی ئەو ڕۆژە (١٠٠)هەزار دینار قازانج دەکات.دەبینین ئەو ڕۆژە زۆر خۆشحاڵ و شادمانە، شەویش لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانیدا خۆشی و شادی دەگێڕن، چونکە ڕۆژێکی زۆر خۆشیان بۆ هاتۆتە پێشەوە.لە هەمان کات و هەمان ڕۆژدا بازرگانێکی نێودەوڵەتی بەپێی

تاوتویێ کردنی کارەکانی بڕیار بووە ئـەو ڕۆژە لـە مامەڵەیەکدا (٢) ملیۆن دینار قازانج بکـات، بـەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی کە چاوەڕوانی بـووە، تـەنها (١) ملیۆن دینار قازانج دەکات.ئەم بازرگانە نـەک تەنها ئەو شەو و ڕۆژە، بـەڵکو ماوەیـەکی زۆر لـە ژیانی پڕدەبێتەوە لە خەم و خەفـەت و نارەحـەتی و، هەمیـــشە لـــە خـــەمی لـــە دەســـت دان و قەرەبووکردنەوەی ئەو (١) ملیۆن دینارەدایە.

**ئێستا بەراوردێك لە نێوان ئەم دوو كەسەدا بكەن :**

كەسی یەكەم (١٠٠) هەزار دینار قازانجی كرد لە خۆشاڵیدا ئەو شەوەی كرد بە جەژن، بەڵام بازرگانەكە لەگەڵ ئەوەی كە (١) ملیۆن دینار قازانجی كرد ژیانی خۆی كرد بە دۆزەخێك و بەرگێكی تاڵی ژیانی لەبەركرد.ئێستا ئەوە بهێنینە بەر چاوی خۆتان ئەگەر دوكاندارەكە (٥٠) هەزار دینار كەمتر قازانج بكات تەنها بە ئەندازەی ئەو (٥٠) هەزار دینارە نارەحەت دەبێت و خەم دەخوات، بەڵام بازرگانەكە ئەبێ بە ئەندازەی (١) ملیۆن دینار خەم بخوات و نارەحەت ببێت، واتە هەر یەكێك لەوانە بە ئەندازەی ڕادەی سەروەت

و دەوڵەمەندییەکەیان ترسی لە دەست دانی ئەو سـەروەت و سـامانەیان هەیـە کـە بەدەسـتیان هێناوە یان دەیانەوێ بە دەسـتی بهێـنن. بێگومـان ئەوەشمان بۆ دەردەکـەوێت کـە تـرس و خـەمی بازرگانەکـە زۆر زۆرتـرە وەك لـەو خەمـەی کـە دوکاندارەکە دەیخوات.

بەم نمونەیـە ڕوون بوویـەوە کـە سـەروەت و سامان و کۆکردنەوەی ماڵ و سـامان نـەك تـەنها خۆشـبەختی نـاهێنێ، بـەڵکو تـرس و خـەم و نارەحەتی و دڵەڕاوکێی مرۆڤ زیاد دەکات و ژیـانی لێ ئاڵۆزترو گرانتر دەکات.

## پلە و پایە

هەندێک لە خەڵک دەستکەوتنی پلـەو پایـەی بــەرز بــە هۆکــاری خۆشــبەختی و بەختــەوەری دەزانن، بەڵام ئایا بە ڕاستی گەیشتن بـە پلـەی بــەرزی کــار و پیــشە، خــەم و پــەژارەی مــرۆڤ ئەڕەوێنێتەوە و لە تـرس و دوو دڵـی و نارەحـەتی تاک کەم دەکاتەوە، یان بە پێچەوانەوەیە؟ چونکە ئەگــەر بــەم شـێوەیە نــەبێت ئــەوا ئــەو کاتــە خۆشبەختی و بەختەوەری ڕاستەقینەی تێدا بـەدی

ناکرێـــت و مـــرۆڤ بەختـــەوەر ناکـــات. بـــۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش نمونەیەک دەهێنینەوە.

بۆ نمونە کەسێک خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئـەوەی ببێـت بـە سـەرۆکی شـارەوانی، تـا ئـەو کاتـەی ئەنجام رادەگەیەنرێ خەم و پەژارەو نارەحـەتی و دڵەڕاوکێ تەواو بێزاری دەکات و بـاری دەروونـی سـەخت و دژوار دەکـات، بـەڵام کاتێـک هەڵدەبـژێردرێ و دەبێتـە سـەرۆکی شـارەوانی تاڕادەیەک باشتر دەبێت، هەرچەندە ئەمە تەنها بۆ ماوەیەکە، چـونکە کاتێـک دەبینێـت قائیمقـام پلەکـەی لـەو بـەرزتر و بـاڵاترە دیـسانەوە ئـەو

کاتەیـــــە کــــە خــــەم و نارەحــــــەتی دای دەگرێتەوە.ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە دەیەوێ بگات بەو پلەیە و پلەکەی لەو بەرزتر بێـت.بـەم شێوەیە هەرچەندە پلەو پایەی بـەرزتر دەبێتـەوە دیـسانەوە دەبینـیٚ کەسـانێکی تـر لــە سـەروی ئــەوەوە هــەن، ئەمـــەش وای لیٚ دەکـــات بەردەوام لە بیری پلـەو پایـەی بـەرزتردا بێـت و خەم بۆ ئەوە بخوات، کە دەبێت کەی بگـات بـەو پلە و کورسییانەی کە لەسەرووی ئەوەوە هـەن؟! ئەمە لە لایەکەوە بۆ خۆی کێـشە و گرفتێکـە، لـە لایەکی تریشەوە ترس و خەمی لەدەستدانی ئـەو

**پلەیەیە کە بەدەستی هێناوە.ئەمەی کە دەیبینین بەرهەمی پلەو پایەیە، کە نەک تەنها ئارامی و خۆشی لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ بەڵکو ترس و دڵەڕاوکێ و نارەحەتی کەسەکان زیاتر دەکات و ناهێڵێ هەست بە ئاسودەیی بکەن و لە ژیانداا بژین .**

**ئێستا بۆتان دەرکەوت دوو شت لەهەرە سەرنج ڕاکێشەکانی دونیا واتە سەروەت و پلە و پایە بەم شێوەیە خۆشبەختی بە مرۆڤ دەبەخشن(ئەو خۆشبەختییەی کە خۆیان چاوەڕوانییان لێ دەکرد)، بە جۆرێك کە لە جێی**

خۆشبەختی و بەختەوەری مرۆڤ توشی بەدبەختی و نەهامەتی دەکەن.هەر بۆیە لێرەدا پێویستە خۆتان زۆربەی وەسیلە و لایەنەکانی تر تاقی بکەنەوە لێیان بکۆڵنەوە و ببینن، ئایا ئەوانەی باسمان کردن خۆشبەختی و کامەرانی وەك خەلاتێك بۆ دڵەکانتان دەهێنن یان نا؟!

بێگومان وەڵامەکە بریتییە لە نەخێر! مرۆڤ هەرگیز تێر نابێت لە دونیا، چونکە دونیا وەك دەریا وایە هەرچەندە لە ئاوی دەریا بخۆیتەوە ئەوەندەی تر تینوتر دەبیت و هەموو کات

دەتـەویٚ زیـاتری لـیٚ بخۆیتـەوە تـا تیٚنوویـەتیت بشکیٚ.

کەواتە لیٚرەدا پیٚویستە پرسیاریٚک بکـەین، ئایـا خۆشبەختی و بەختەوەری چۆن بەدەسـت دیٚـت و ڕیٚگـەی بەدەسـتهیٚنانی ئـەم خـەلأت و گەوهـەرە گەورەیە کامەیـە؟ چـۆن مـرۆڤ دەگـات بـە پلـەو ئاستیٚک کە نە توشی ترس و دلٚـەڕاوکیٚ بیٚـت، و نە خەم و بیٚ ئومیٚدی دای بگریٚت؟

ئایـا ئـەکریٚت بلٚـیٚین شـتیٚک هەیـە کـە مـرۆڤ خۆشبەت و بەختەوەر دەکات؟ ئایا شتی ئەوەنـدە گەورە هەیە؟

بــەڵێ ... بــەڵێ تــەنها بــەهۆی ئــەو نیعمەتــە گەورەیەوە دەبێت کە پێی دەوترێت" ئیمان".

## ئیمان

مرۆڤێك كە ئەزانێ لە کوێوە و، بۆچی هـاتووە؟ بۆچی دەڕوات و بۆ کوێ دەڕوات؟ ئەرك و كـاری لـــەم ســـەر زەوی و دونیایـــەدا چـــییە؟ چ پێداویستییەكی بۆ ئەنجام گەیاندنی كارەكەی بـۆ تەرخان كراوە؟ ئەو بەندەیەی كە هەرگیز بێئاگـا نابێــت لــەو شــتانەی كــە بــۆ خزمــەتی ئــەو دروستكراون و، هەرگیز بێ ئاگا و غافڵ نابێت لـە

شێوازی سود وەرگرتن و بەکارهێنانیان بەو مەبەستانەی کە بۆی بەدی هێنراون. ئەوە ئەو بەندەیەیە کە دەزانێ دەبێ بەندایەتییەکەی بە شێوەیەک بێت کە خوای گەورە داوای لێ دەکات، ئەوە ئەو بەندەیەیە کە تامی شیرینی ئیمان دەچێژێت، ئەوە ئەو بەندەیەیە کە تامی ڕاستەقینەی هەموو شتەکان دەناسێت، بەڵێ... ئەوە ئەو بەندەیەیە کە ناسین و وێناکردنی دروستی دەسکەوتووە، ئەوە ئەو کەسەیە بەها ڕەوشتییەکان و ئەحکام و ئەمر و نەهییەکانی خوای ناسیوە و خۆی تەسلیم کردووە پێیان و

ئیمانی پێهێناون.ئەوە ئەو بەندەیەیە کە بـەڵێنی داوە بە پەروەردگاری تـا تـەواوی ئـەو ئـەحکام و داواکارییانەی کە داوای لێکردوون جێبەجێیان بکات و ژیانی پێیان برازێنێتەوە و، بـەڵێنی داوە هـەموو هەڵس و کەوت و کردەوەیەکی بەپێی بەرنامـەی خوا بێـت، مەگەر لـەو کاتانـەدا کـە هۆکـاری زۆر سـەخت و دەرەکـی کـاری تێبکـەن و بیانـەوێ تەگـەرە و بەربەسـتی لەبەردەمـدا بۆدروسـت بکـەن، کـە بێگومـان لـەم کاتانەشـدا دیـسانەوە هەوڵدەدات ئیمانەکەی زاڵ بێت بەسەر نەفسیدا و نەهێڵێ بکەوێتـە هەڵـەوە.هـەوڵ ئـەدا هـەموو

**وجودی بە ئیمان بپارێزێت تا هەمیشە زینـدووی ڕاستەقینە بێت.**

**وەهـا مرۆڤێـک بـە وردبوونـەوە و تێڕامـان لـەخودی خـۆی، دوو شـتی بـە لاوە گـرنگ و مەبەستن، یەکەمیان ئیمان و ئەویتریان کردەوەی چاکەیە. ئەنجامدانی کردەوەی چـاکە لـە هەنـدێ کاتـدا لەسـەر شـانی مـرۆڤ وەکـو فـەرزێک هەڵدەگیرێت و لادەبرێت ئەویش لـەو کاتانـەدا کە نیەتی ئەنجامدانی کارەکەی هێناوە و لێبڕاوانە نیـازی ئەنجامـدانی کارەکـەی هەیـە و دەیـەوێ ئەنجامی بدات، بەڵام هۆکاری دەرەکی نەگونجاو**

و نالــەبار دەبنــە ڕێگــر و ئاســتەنگ لەبــەردەم جێبەجێکردنیدا.بۆ نمونە کەسێك نیازی دروسـت و یەکلا کەرەوەی هەیە بـۆ تـەواوی لایەنـەکان و کێـشەکانی ژیـانی و، جـۆری ژیـانی لـەوەدا کـە دەیەوێ هەموو ئەمانە ڕەنـگ و بـۆی ئیـسلامی و دینی لەخۆ بگرێ.بەڵام ئەو نەزانی و جاهیلیەتـەی کـە دەسـتی بەسـەر دەوروبـەردا گرتـوە و زاڵـە بەسەریدا و دەبێتە لەمپەڕ و ڕێگرێـك لەبـەردەم بــەراوەردەبوون و فەراهــەم بــوونی ئــاوات و خواستەکانیدا.لەم هـەل و مەرجـەدا ئەنجامـدانی کاری چاکە و کردەوەی چاکە لەسـەر شـانی ئـەو

وەکو فەرز و واجبێکی حەتمی هەڵدەگیرێ، گەر بیانەوێ تەگەرە و بەربەستی لەبەردەمدا بۆدروست بکەن. بێگومان لەم کاتانەشدا دیسانەوە هەوڵدەدات ئیمانەکەی زاڵ بێت بەسەر نە فسیدا و نەهێڵێ بکەوێتە هەڵەوە، هەربۆیە زۆرجار ئامادەیە ئارامگر بێت لەبەردەم ئەو هەموو ئازارانەدا و ئیمانەکەی بە تەواوی کامڵ دەکات و خۆی پێدەپارێزێت.

هەروەها لەکاتێکدا پێویستە لە زەمینەی کاروباری ئابوریدا بەشێوازی ئیسلامیانە کاربکات, بەڵام بارودۆخی نالەباری کۆمەڵگا کە لە

ژێر دەست و توانای ئەو بـەدەرە ڕوخـسەت بـە ئەو نادات کە بەو شێوەیە بێت, بۆیە لەم بـارەدا کارکردن و ئەو شێوە جولاٌنەوەیە دیـسان لەسـەر شـــانی هەڵـــدەگیرێت, بـــەلاٌم نابێـــت بەپێچەوانەیەوە ڕەفتار و هەڵس و کـەوت بکـات, لەگـەڵ ئەوەشـدا پێویـستە ئیمـانی بـەو شـتانە هەبێت کە دەبێت بەو شێوەیە بـن و, هـەوڵیش بدات کە ئیماندارانە بژی و بـۆ چارەسـەری ئـەم کێـــشانەش هـــەوڵ و کۆشـــشی تـــەواو بـدات.لەبەرئـەوە لـەم هـەل و کـات و سـاتەدا تاڕادەیەک کارێکی لەدەست نایەت، پێویستە لـە

**بیری پەروەردە دەکردن و فێرکردنـی تاکـەکان و خـەڵکی کۆمەڵگاکـەی بێـت, بـەڵام دیـسانەوە لەمەشدا خـەڵکی قـسەی ئـەوەیان قبـوڵ نییـە و ئامادەی گوێ لێگرتن و پەسەندکردنی قـسەکانی نـین.هـەر بۆیـە لێرەشـدا ئـەم مەسـئولییەتەی لەسەر شـان لا دەبرێـت و پێویـست نییـە وەکـو فەرزو واجبێکی حەتمی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.**

**تەنانەت هەنـدێ کـاتیش دێنـە پێـشەوە کـە زۆرێـك لـە بنـەما سـەرەکییەکانی وەکـو ڕۆژوو, حەج, زەکات, و....لەسـەر شـانی هەڵـدەگیرێت لەکاتێکـــدا کـــە زەمینـــەی ئـــەنجام دان و**

جێبـــەجێکردنیان لـــە ئـــارادا نـــەبێت و بـــوونی نەبێت.تەنانەت هەندێ کات نوێژیش بەم شێوە گشتییەی کـە دەیکـەین لەسـەر شـانی ئیمانـدار هەڵـــدەگیرێت، بـــۆ نمونـــە وەك ســـەردەمی فـــەرمانرەوایی(جمـــال عبدالناصـــر) كـــە لـــەو سەردەمەدا ئەگەر کەسێکیان لەکاتی نوێژکردندا ببینیایــە ئەشــکەنجە و ئــازارێکی زۆریــان دەدا، ئەمەش تەنها لە میسر دا نەبوو بەڵکو لەهەنـدێ وڵاتی تری وەکو سوریا و هەندێ شوێنی تردا بەو شـێوە بـوو.لـەم حاڵەتـەدا تەنانـەت کڕنـوش و ســەجدە بــردنیش لەســەر شــانی نوێــژ خــوێن

هەڵـدەگیرێت و، دەتـوانێ نوێژەکـەی لـە دڵ و دەروونیـــدا بخوێنێـــت، بـــەڵام یـــەکێک لـــە ســـەرەکیترین و گرنگترینـــی ئـــەو شـــتانەی کـــە داواکـراوە لـە مـرۆڤ و هـەرگیز لـە سـەر شـانی هەڵناگیرێت ئیمانە، واتـە ناسـینی دینـی حـەق و ڕاستی و کردەوە پێکردنی بە دڵ و بەگیان.ئەگـەر زەمینە و هەل و مەرجی گونجاو و لەباریش هاتـە پێـشەوە ئـەوا ئەنجامـدانی کـردەوەی چـاکە کـە بەرهەمی ئیمانە دەبـێ بـەپێی پێویـست ئـەنجام بدرێ و جێبەجێکردنی بکرێت .

ئایا ئەم ئیمانــە خۆشــبەجتی و بەختــەوەری بــۆ مرۆڤ فەراهەم دەکات یان نا؟!

## مامەڵە کردنی ئیمــان لــە پەیوەنــدی لەگــەڵ ڕابردووی مرۆڤدا:

هەموو ژیانی ئادەمیزاد لە سێ حاڵەت تێ ناپەڕێت: ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو.ئیمان چۆن و بە چ شێوەیەك دەتوانێت ئەم سێ زەمەن و بارودۆخە بۆ مرۆڤ بە نیعمەتێکی بە بەهاو بە نرخ بڕازێنێتەوە تا مرۆڤ بەختەوەر و خۆشبەخت بێت لە هەردوو دونیادا؟!

**ئەگــەر ئــادەمیزاد لــە ڕابــردوودا لــە ڕووی ئیمانــەوە تووشــی کــەم و کــورتی بوبێــت و، شوێنەوار و کاریگەری ئەوەش هێشتا لە وجودیـدا مابێتەوە، ئەوا لە یەك ساتدا دەتوانێت گـۆڕان و تەوژمێکی ڕۆحی وەها لە خۆیدا دروست بکات کە تــەواوی کــەم و کــورتی و لاوازییــەکانی ئیمــانی ڕابـردووی پـێ قـەرەبوو و پـڕ بکاتـەوە.بـەڵێ... ئادەمیزاد ئـەو کـەم کـورتی و هەڵانـەی کـە لـە ڕابـردوو دا ئـەنجامی داون دەیانهێنێتـەوە یـادی خۆی و بیریـان لێ دەکاتـەوە و، لـە تـەواوی ئـەو هەڵـە و چـەوتییانەی کـە پێـشتر ئـەنجامی داون**

**پەشـیمان دەبێتـەوە و، لێبڕاوانـە و بـە نیـازێکی دروست و تەواو بڕیار دەدات کە ئیدی هیچ کات نزیکییـان نەبێتـەوە و جـارێکی تـر دووبارەیـان نەکاتەوە.هەروەها بە تەوبەیـەکی تـەواو پـاك و گـوڕ و تـەوژمێکی ڕۆحـی بـەهێزەوە بـە پلـە و مەقامێکی تـەواو(کامـلْ ) لـە ئیمـان دەگـات، کـە ئەگەر لە ڕابردووشدا بەم شـێوە تـەواوە بووایـە ئەوا توشی هەڵە و تاوان و کەم و کورتی و گونـاه نەدەبوو، بەڵکو لە وحاڵەتەدا دەبوو کە ئێستا پێـی گەیشتووە و بە دەستی هێناوە.**

کەسێک کە بتوانێ بە تەوبەیەکی پاک و تەوژمێکی ڕۆحیی ڕاستەقینەوە تەواوی هەڵە و کەم کورتی و تاوانەکانی ڕابردووی خۆی بسڕێتەوە و، قەرەبووی ژیانی ڕابردووی خۆی پێبکاتەوە، ئاخۆ ئیدی دەبێ لە پێناوی چ شتێکدا خەم بۆ ڕابردووی لە دەست چووی خۆی بخوات؟!

ئایا ڕابردوویەک کە هەمووی دروست و بێ هەڵە و کەم کورتی بێت، خەم خواردنی دەوێت؟!

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئیمان چۆن خەم و ترس و نارەحەتی لە ئادەمیزاد دوور دەخاتەوە و دەیگەیەنێت بەئارامی و

خۆشبەختی.وەک خوای گەورە خۆی لـە قورئانـدا لــە وەســفی ئیمانداران‌ــدا دەفــەرموێ: "لا هـم یحزنـون " واتــە: بەڕاسـتی ئەوانـە هـیچ خـەم و ترسێکیان نییە.

## مامەڵە کردنی ئیمـان لــە پەیوەنــدی لەگــەڵ داهاتووی مرۆڤدا :

ئیمان بەم جۆرە رابردووی مرۆڤ دەپـارێزێ و ڕای دەگــرێ، بــەڵام ئایــا چــۆن پارێزگــاری لــە داهاتووی ئـادەمی دەکـات و دەیپارێزێـت؟ ئـەو شتەی کە مرۆڤی ئیماندار هەیەتی، سـەروەت و سامان نییە کە بترسێ لێـی بـدزن، پلـە و پایـەی

دونیا نییە کە کەسانێك فێڵ و خیانەتی لێ بکەن و لە ژێر دەستی دەربێنن، تەنانەت شتێکی وەهاش نییە کە بە مردنی لەدەستی بدات، چونکە سەروەت و سامان و پلە و پایەی ئەو "ئیمان"ەیە کە لە دڵیدا جێگیر بووە و، دڵیشی لە نێوان دوو پەنجە لە پەنجەکانی خوای میهرەبانداییە و لە ژێر سۆز و بەخشندەیی و دەسەڵاتی ئەویشدا کار دەکات ـــ ئاماژە بە فەرموودەی " بين اصبعين من اصبع الرحمن "ـــ ئیمان لەشوێنێکدایە کە هیچ هێزو توانایەك جگە لە توانا و دەسەڵاتی پەروەردگار دەستی پێناگات

و، هـــیچ کەســـیش نـــاتوانێ ئـــەو ئیمانـــەی لێ بستێنێت.تەنانەت ئەگەر دەسەڵات و هێـزێکیش بیانـەوێ بـە سـەخترین و خـراپترین ئەشـکەنجە ئەشکەنجەی بدەن تەنها دەتوانن جەسـتەی ئـازار بـدەن.ئەگـەریش بتـوانن بیکـوژن ئـەوە تـەنها جەستەو لاشەیەتی کە لەناو دەچێت، بەڵام ڕۆحی لەگـــەڵ ئـــەو ئیمانـــە بەرزەیـــدا ســـەربەرزو سەرفرازانە بـۆ عالـەمی بـەرزەخ دەگەڕێتـەوە و لەوێدا درێژە بە ڕێگەی بەرەو کامڵ بوون دەدات و سات لە دوای سـاتیش ئیمـانی زیـاد و پتـەوتر دەبێـــت و، لـــە رزق و ڕۆزی بـــێ ئەنـــدازەی

پــــەروەردگاری بەشـــدار دەبێـــت و خـــەڵات و بەخششی خوایی وەردەگرێت.وەک خوای گـەورە خـۆی لـە قورئانـدا دەفـەرموێ :"عنـد ربهـم يرزقون." کەواتـە مرۆڤـی ئیمانـدار ئـەوەی کـە هەیەتی "ئیمان" ە کە نە بـە مـردن لـە دەسـتی دەدات و نە هیچ کەسـیش دەتـوانێ لـە دەسـتی بستێنێت! ئەو نیعمەتە گەورەیە لە دڵیـدا جـێگیر بووە و چەسپاوە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تـرەوە خوایـــەک کـــە"خـیر الحـافظين" و "ارحـم الـراحمين"ە، ئیمـانی دەپارێزێـت و هــەر بــەو میهرەبانییەی خۆی هەم خۆی و هەم ئیمانەکەشی

دەپارێزێت.ئـادەمیزادیش کاتێـك بـە ویـست و داواکارییەکی وەها دەگات، کـە کـەم و کـورتی و هەڵـە و گوناهـەکانی بـە لێبراوانـە و تەوبەیـەکی پـاك و بێگــەرد قــەرە بــوو بکاتــەوە و تــەواوی ناتەواوی و هەڵەکانی خۆی بسڕێتەوە و داهـاتووی بەو شـێوەیە لـێ بکـات و بیپارێزێـت کـە پێـشتر ڕوونمـــان کـــردەوە.کەواتـــە ئـــیتر شـــوێنێك نەماوەتـــەوە بـــۆ خـــەم تـــرس و نارەحـــەتی و بێهیوایی.لەبەرئەوە بە مـە قامێـك دەگـات کـە خـــوای گـــەورە خـــۆی وەســـفی دەکـــات و دەفەرموێت:" لا خوف عليهم ولا هم يحزنون."

ئەم گوزارشتە قورئانییە کە لە زۆر ئایەتی تردا هاتووە تەنها پەیوەست نییە بە پەیوەندی لەگەڵ قیامەتدا، بەڵکو مرۆڤی موسڵمان سات لەدوای سات ئەم هەست و شعورەی هەیە و ئەگەر ترس و خەمێك لە دڵیدا دروست بێت یان هەبێت بە هۆی لاوازی ئیمانەوەیە کە مرۆڤ هەر کاتێك ویستی ئەوەی هەبێت ئەتوانێ بە تەوژم و گیانێکی ڕۆحی قەرەبووی ئەو لاوازییە بکاتەوە و لە کامڵ بوون نزیک بێتەوە.

هەروەها بەهەمان شێوە لە ئایەتی(٣٠) سورەتی (فصلت) هاتووە کە خوای گەورە خۆی

**دەفەرموێ:**﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَبۡشِرُواْ بِٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ﴾

**واتە: ئەوانەی بەڕاستی وتیان: پەروەردگارمان "اللە" یە, لەوەودوا پابەندی ئەو ڕێیازە ڕاستەبوون, ئەوا لەسەرە مەرگدا دەستە دەستە فریشتە دادەبەزن بۆلایان و, پێیان دەڵێن هیچ ترس و بیمێکتان نەبێت لەداهاتوو, هیچ پەژارەیەکتان نەبێت بۆ ڕابردوو , مژدەتان لێ بێت بەو بەهەشتەی کە کاتی خۆی بەڵێنتان بێ دەدرا.**

لــەم ئایەتــەوە ئــەوەمان بــۆ دەرئەکــەوێت کەسانێک کە بەو پلە تایبەتییانەی ئیمـان دەگـەن ئەوا فریشتەکان دێن بۆ لایان و ئەم مژدە و وتـە دڵخۆشکەرو بەپێزانەیان پـێدەڵێن, بـەڵام ئەگـەر کەسـێک ئـەم هەسـتەی بـۆ دروسـت نـەبوو و، ئامادەبوون و هەست پێ کردنـی ئـەم مژدانـەی هەست پێ نـەکرد ئـەوا نەگەیـشتووە بـە پلـەی بـــەرزی ئیمـــان و تـــام و چـــێژی تـــەواوی لێ وەرنـەگرتووە. کەواتـە ئـیتر ناتوانێـت لـەبارەی کەسانی تر ئینکاری لەگەڵ ئـەو ڕاسـتییەدا بکـات ونکۆڵی لێ بکات.

کاتێـک مرۆڤـی ئیمانـدار بـەو پلـە ئیمانییـە دەگات ئیتر فریشتەکان ئـەو مـژدە گـەورە و دڵ خۆشـکەرانەیان پـێدەدەن, هەرچــەندە "ئــەو" فریشتەکان بەچاوی سەر نابینێت, بەڵام دەتـوانێ بە چاوی دڵ بیانبینێت و بەدڵ و دەروون هەسـت بەئامادەبوونیان بکات.

بەڵێ، ئیمان مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی کـە تەنانەت فریشتەکان تامەزرۆی دیـداری و بینینـی ئەون و شەیدای خزمـەتکردنن بـەو مرۆڤـە پایـە بەرزو و بڵند و بەڕێزە. بێگومان ئەمـەش هـەروا نابێت بەڵکو هەموو کەسێک بەپێی ڕادەی بـەرزی

ئیمانی ئەتوانێ لەو خەڵاتە خواییە سود و چێژ وەربگرێ.ئەمەیە ئەو شتەی کە خوای باڵا دەست ئێمەی بۆ بانگ دەکات! ئەمەیە ئەو نیعمەتەی کە مرۆڤ خۆشبەخت و بەختەوەر دەکات! نیعمەتێک کە بەگەیشتن پێی خەم و نارەحەتی لە بەرانبەر بە ڕابردوو و، ترس و دڵ ڕاوکێ سەبارەت بە داهاتوو لە دڵەکان ــ لەو دڵ پاک و بێگەردانە ــ ئەڕەوێنێتەوە و، دەروونی مرۆڤ ئارام دەکات و خۆشبەختی و بەختەوەری ڕاستەقینەیان پێ خەڵات دەکات.

## بەراوردێك لە نێوان ئیمان لەگەڵ سەروەت و سامان و پلەو پایەدا:

بەو شێوەیەی کە بۆمان ڕوون بوویەوە, سامان و پلەو پایە نەك تەنها نابنە هۆی خۆشبەختی, بەڵکو ترس و خەم و ناڕەحەتی و بەدبەختی و بێئومێدی مرۆڤ چەند بەرامبەر دەکەن و ژیانی لێ قورس و گران دەکەن, بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت کە موسڵمان دەبێ بە تەواوی تەرکی دونیا بکات, و واز لەژیانی ڕۆژانەی خۆی بهێنێت و بەدوای کاروباری ئابوری و ڕامیاری و دونیایی خۆیەوە نەبێت و هیچ خەمی بۆ نەخوات،

نـەخێر...بـەڵكو مەبەسـتمان ئەوەیـە كـە مـرۆڤ نابێت سەروەت و سامان و پلە و پایـە بكـات بـە قیبلەو پەرستراوی خۆی و تەنها ئەوانە بە مایـەی خۆشبەختی خۆی بزانێت.

سەروەت و سامان لە دونیـادا و تەنانـەت لـە سـاتە كۆتاكـانی پـێش مردنیـشدا ئەشـكەنجە و ئازارو خەم و نارەحـەتی بـۆ خوازیـارانی بـەدیاری دەهێنێت, چـونكە ئەشـكەنجە و ئـازار تـەنها لـە دوای مردنەوە نییە كە دەست پێ دەكات, بـەڵكو لە ساتێكی كـەمی پـێش مردنیـشدا فریـشتەكان دێـــن بـــۆلای تاوانبـــاران و دەیـــان ترســـێنن و

ئەشـــــکەنجەیەکی پێویـــــستی دەدەن. بـــــەڵێ...
ئەشکەنجە و ئازاری دۆزەخ و تـورەیی و غـەزەبی
خوا لە ئەنجامی کردەوەکان و جۆری ژیانیانەوەیە،
چـــونکە ئـــەو جـــۆرە کەســـانە تـــەنها لـــە بـــیری
کۆکردنەوەی ماڵ و ساماندا بوون و بەدوای پلە و
پایــە و کورســیدا وێــڵ و ســەرگەردان بــوون و،
تەواوی خۆشبەختی و کامەرانییان لەوانـەدا بـەدی
کردووە نەک هیچی تر.

ئەمــە ئــەو جــۆرە ژیانەیــە کــە لــە ئــەنجامی
ونکردنی ڕێگــەی بەختــەوەری و، شــوێن کــەوتنی
سەروەت و سامان و پلەو پایـەدا پێـشکەش بـەو

کەسانە دەکرێت کە مانای خۆشبەختی تەنها لـەم دونیایـەو سـەروەت ساماندا دەبینێتـەوە. بـەڵام دەبێت ئەوەش بزانین لە بەرامبەر ئەم ژیانە پـڕ ئـازار و تاڵـەدا ژیـانێکی تـر هەیـە کـە ئـەویش ژیانێکی پڕ تام و چێژی ئیماندارانەیە. ژیانێک کـە تێیدا مرۆڤ بەهرەمەند دەبێـت لـەو نیعمەتانـەی کە خوای میهرەبـان پێـی بەخـشیوە, ژیانێـک کـە شـتەکانی دونیـای لا نابنـە مەبەسـت و ئامـانج و پەرستراو.ژیانێـک کـە دونیـاو هـەموو شـتەکانی ناویشی و، بەنرخترین مەبەستی دونیاشـی تێـدا دەکاتــە قوربــانی ئیمــانی و پاراســتن و بــە

**دەســتهێنانی ژیــانی هەمیــشەیی. کــە بێگومــان تەنانەت لەم دونیایەشدا پاداشـتی ئـەو ئیمـان و ژیانەی پێ خـەڵات دەکرێـت و وەری دەگرێـت . تەنانەت ئەگـەر (پـەنا بـەخوا) بەهەشـتێکیش لـە ئارادا نەبێت ئەوا ئەو هیچ زەرەرێکـی نـەکردوە، چونکە لەم دونیایەشدا بۆ ئەو ئەوەندە بەسە کە بە پلەو مەقامێکی وا گەیشتووە کە دەروونی تێیدا ئـــارامی گرتـــووە و هـــیچ تـــرس و خـــەم و نارەحەتییـــەکی لـــە نـــاو دڵ و دەروونیـــدا بـــۆ نەهێشتووە و خۆشـبەختییەکی ئـەم دونیاشـی پـێ خەڵات کردووە.**

بۆ نمونە کەسێك بهێننە بەر چاوی خۆتان، کـە تەنانەت چەقۆیەکیشی پێ نییە بۆ ئەوەی بەرگری پێبکـات، بـەڵام دەبیـنین لـە هـەمان کاتـدا لـە سەرکەشـترین و بـەهێزترین دەسـتەڵاتدار کــە بیەوێ ئەشـکەنجەو ئـازاری بـدەن هـیچ تـرس و بیمێکی نییە و، بوێرانـە بـە ئارامییـەکی ڕۆحیـی و دەروونی کە بەرهـەمی ئیمانـە بـەدوای ئامـانج و مەبەسـتە پیرۆزەکـەی خۆیـدا هـەنگاو دەنێـت و تامەزرۆیە و دەیەوێ پێی بگات، بـە جۆرێـك کـە دەڵێــی مێــشێکیش دوژمنــی نییــە و نەبووەتــە میوانی.

یــەکێك لــە موســڵمانە بەنــدکراوەکان لــە بەندیخانەکانی (جمال عبدالناصر) دا ، لـە بـارەی (ســیدقطب)ەوە ڕەحمـــــەتی خـــــوای لێبێـــــت دەڵێ: جارێکییان منیـان لـە سـجنە ئینفرادییەکـەی خـۆم بـردە دەرەوە بـۆ ئـەوەی زبـڵ بڕێـژم، لـە حەوشــەی ســجنەکەدا (سـید)م بینــی کــە لــە گۆشــەیەکی حەوشــەکەدا نــەرم نــەرم پیاســەی دەکــرد.چــوومە لای و لــێم پرســی: "ســید" چاوەڕوانی چـی دەکـەی؟! زۆر بـەئارامی وەڵامـی دایـەوە و، وتـی: چـاوەڕوانم بـە نوێنەرایـەتی لـە

لایــەن موســڵمانەکانەوە بگەڕێمــەوە و بــچمە خزمەتی پەروەردگار.

لەم وەڵامەی (سید قطب) باش وردبنەوە و سەرنج بدەن، کەسێك کە پێشنیازی بەخشینی وەزارەتێکی پێدرابێت بۆ ئەوەی بیکەن بە وەزیر، بەڵام ئەوە وەکو شتێکی سوك و بێ نرخ سەیری دەکات و خۆشبەختی ڕاستەقینەی تێدا نابینێتەوە، چونکە دەیانویست ئازادیی مرۆڤ بوونی لێ قۆرخ بکەن!

یــەکێك لــە ســتەمکارەکانی ئــەو ســەردەمە بەردەوام بەدوای ئەشـکەنجە و ئـازاری (سـید) دا

بوو و، بە جۆرێك ئەشكەنجە و ئازاری دەدا كە مرۆڤ شەرم دەكات و ناتوانێت باسی لێوە بكات، بەڵام ئەو نەك تەنها چاوەڕوانی مردن و نوشینی شەربەتی شەهید بوون بوو، بەڵكو دەیویست بگەڕێتەوە بۆ بەردەم بارەگای خوای میهرەبان و بە نوێنەرایەتی موسڵمانان ژیان و بارودۆخی موسڵمانەكانی ئەو سەردەمەی خۆی بە خوای باڵا دەست و مەزن ڕابگەیەنێ .

ئەمەیە خۆشبەختی ڕاستەقینە، تەنانەت ئەگەر بەهەشتیش لە ئارادا نەبووایە، ئەم ئارامی و دڵنییایی و ئۆقرەییەی كە لە ئیمانەوە بە

دەستی هێناوە بۆی بەس بوو.بەڵام فەزڵ و کەرەم و گەورەیی خوای میهرەبان ئەوە ئەخوازێ کە بەهەشت و ڕەزامەندی خۆیشی پێ خەڵات بکات و، تەنانەت لە وەش زیاتری پێبەخشێ.

ئەی ئادەمیزادی هۆشیار و بەئاگا!ئەی ئەوەی کە داوای شادمانی و بەرێزیی و گەورەیی دەکەی! ساتێک بیر بکەرەوە و بەراوردێک بکە لە نێوان ئەم دوو جۆر ژیانەدا: یەکێکیان ئاژەڵ ئاسا ژیان دەخوێنێتەوە و گوێ پێنەدەر و خەم سارد لەگەڵ دونیادا لەگەڵ ترس و خەم و نارەحەتی و ئەشکەنجەی پێش مەرگ و دواتر چەشتنی ئێش

و ئازای قیامەت و نارازی بوونی پەروەردگار لێـی، ئەویتریان ژیانێکی ئیماندارانـە کـە ئەنجامەکـەی سەربەرزی و سەرفرازی و، سـەر شـۆڕنەکردن و مل کەچ نەکردن بەرانبەر هیچ هێز و دەسەڵاتێک جگە لە مل کەچی و بەندایەتی لەبەرامبەر توانایی و دەســەڵاتی خــوا و، گەیــشتن بــە ئــارامی و، دەسکەوتنی نەفسێکی بێ گەرد و دڵنیا بوو و، بـێ ترس و خەم لە نارەحەتی سەختی و دژواری ژیـان و، چاوەڕوانی ڕێزداری فریشتەکان لـە سـاتەکانی پێش مـەرگ و، درێـژەدان بـە و ڕێگەیـە بـەرەو

کەماڵ و تەواوی لە بەرزەخدا و، دواتر بەهەشت و ڕەزامەندی و دیداری پەروەردگاری میهرەبان .

مرۆڤی عاقڵ و هۆشیار پێویستی بە شتێکی تری ئەوتۆ نییە بۆ زیاتر تێگەیشتن و وردبونەوە لە نێوان ئەم دوو جیهانەدا، بەڵکو ئەو تەنها پێویستی بە ئامانجێکی ڕۆشن و یەکلایی کەرەوە و بڕیارێکی تۆکمە هەیە تا ژیانی دووەم هەڵبژێرێت کە بەڕاستی تام و چێژی ڕاستەقینەی ژیان هەر لە وێدایە .

دوای ئەو بەراوردە سادەیە و، هەڵبژاردنی ئیمان بە بڕیارێکی تەواو و لێبڕاوانە وەکو ئامانجێکی سەرەکی، ئیتر مرۆڤ هەرگیز لەو

هەڵبژاردن و بڕیارە لا نادات و پاشگەز نابێتەوە، چونکە لەو کاتەدا بە شێوەیەک تام و چێژی ئیمانی چەشتووە و دەیچێژێ کە هەرگیزا و هەرگیز بەهیچ نرخ و بەهایەک ئامادە نییە لە دەستی بدات و لەلای کاڵ بێتەو.

ئەگەر کەسانێکیش هەبن لە ئێستا یان ڕابردوودا لە بەر ئەشکەنجە و ئازاری زۆر دەستیان لە ئیمانی خۆیان هەڵگرتبێت و وازیان لێ هێنابێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەوانە هەر لە سەرەتاوە تام و چێژی ئیمانیان بەڕاستی نەچەیشتووە و لەزەتیان لێ وەرنەگرتووە، چونکە

هەرکەس تەنانەت بۆ ساتێکی کەمیش بێت ئەگەر پەیوەندییەکی ئیمانی لەگەڵ خوادا دروست بکات، زۆر زەحمەتە ئەو کەسە ئەو سامانە گەورە و بەنرخە کە ئیمانە بگۆڕێتەوە بە تەواوی سەروەت و سامان و پلە و پایەی دونیا و ئەو شتانەی کە تێیدان.

بۆ ئەوەی مرۆڤ دوا جار توشی دوو دڵی و کێشە و گیروگرفت و نارەحەتی نەبێت ئەبێ لەسەرەتای هەڵبژاردنی ژیانی ئیماندارانەدا ئەوەی لەیاد بێت کە بە هەڵگرتنی ئەم ئامانجە و ئەم بڕیارە جدییە، ڕەنگە لەگەڵ خراپترین و

**نالــەبارترین و توندوتیــژترین مــرۆڤ ڕووبــەڕوو ببێتەوە، لە دژی دەجەنگن و بەرانبەری دەوەستن و ئەشکەنجەو ئازار و نارەحــەتی دەهێننــە ڕێگــەی ــ ئیتر مەعنەوی بن یــان مــادی ـــ لەبــەر ئــەوە ئەبێ هەر لە سەرەتاوە بەهێنانە پێش چاوی ئــەو شتانە لەژیانیدا کە ئەکرێ بێنە ڕێگەی ئەم بڕیارە بدات و ئەم ژیانە هەڵبژێرێت و بــەردەوام بێــت لەسەری. بۆ نموونە ئەکرێ بــیر لــەوەش بکاتــەوە لەوانەیــە ئەشــکەنجەو ئــازارێکی زۆری ڕۆحــی و جەستەیی بــدەن و ناچــاری بکــەن کــە زۆر کــاری حــەرام و نەشــیاو نابــەجێ بکــات یــان ئــەکرێ**

تەنانەت وای لیّ بکەن کەئەویش دەبیّ ئازاری کەسانی تر بدات .

هەر بۆیە ئەگەر بەدریّژایی ژیانی تووشی ئەشکەنجەو ئازار ببێت و بکرێت, بەلایەوە شتێکی چاوەڕوان نەکراو کتوپڕ نییە, چونکە ئەو لە زووەوە خۆی بۆ ئامادە کردووە و باکی لێیان نییە.ئەگەریش ئەم نارەحەتی و کۆسپ و تەگەرە زۆرانەی بۆ دروست نەبوون و نەهاتنە ڕێگەی یان کەمتر بوون لەوانەی کە خۆی چاوەڕوانی دەکردن ئەوا سوپاسی خوای لەسەر

دەکـــات و زۆرتـــــر و فـــــراوانتر عیبـــــادەتی پەروەردگاری دەکات.

ئەگـەر هـاتوو لـەو کاتـە هەسـتیارو ناسـکەدا بەسـەرکەوتوویی و لێبڕاوانــە و بەجــدی ئیمــان هەڵبژێرێ، ئەوا بێگومان دەتوانێ لە تەواوی هـەل و مـــەرج و بارودۆخەکانـــدا ســـەربکەوێت و ئیمانەکەشی بپارێزێت، ئیتر بەلایەوە گرنگ نییە لە مەیـدانی جەنگدایـە، یـان لەسـجندا، یـان لـە هـــەڵس و کەوتدایـــە لەگـــەڵ خێـــزان یـــان کۆمەڵگایەکی تێنەگەیشتوو، یـان لەبـەر خـورد و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەرشـتێکدا کـە دەبێتـە

ڕێگر لەبەردەم ئەم خواپەرستی و خواناسییەدا, لە هەموویانـــــدا ســــەردەکەوێت و ســــەرفرازی بەدەست دەهێنێت و بە خۆڕاگری و لێبوردەیی و شوکر گوزاری درێـژە بـەو ڕێ و ئامانجـە دەدات کە هەڵیبژاردووە.

لـە کۆتاییـدا لـە خـوای گـەورە و بەخـشندە و میهرەبـان دەخـوازم کـە یارمـەتیمان بـدات بـە تەواوی هەست و بوونمانـەوە جیـاوازی ئـەم دوو ژیانە دەرک پێ بکەین و، یارمـەتیمان بـدات کـە بــــــە مەبەســــــت و ئامـــــــانجێکی ڕوون و یەکلابوونەوەیــەکی تــەواوەوە ڕێگــەی ڕاســت و

**دروست هەڵبـژێرین و، ئـارامی و لێبوردەییـەکی تەواو و خۆڕاگرییەکی بەردەواممان پێببەخـشێت و بەختــەوەری و خۆشــبەختی هەمیــشەییمان پــێ خەڵات بکات.**

**ئەی خوایەگیان! ئەمەمان لێ وەرگرە، بێگومان کە تۆ بیسەرو دانای.**

**ئەی خوایەگیان! لەم دونیایەدا کردەوەی چاکە بهێنە سەر ڕێگەمان و لە ئاخیرەتیش لە ئەشکەنجە و ئازاری دۆزەخ بمانپارێزە .**

**ئەی خوایەگیان! ڕووناکی بخەرە ناو دڵەکانمانەوە و لێمان ببورە، بەڕاستی هەر تۆ بە توانا و بەئاگای لە هەموومان .**

**ـ ئەی خوایەگیان!دڵ و رۆحمان سپی و پاك بپارێزە تا بتوانین خزمەت بە خەڵقی خۆت و بەندە ڕاستەقینەکانت بکەین.**

**﴿و صلى الله على سيدنا محمد و على اله و صحبه اجمعين﴾**

تێبینی/ ئەم نامیلکەیە بە زمانی فارسی لە سایتی (www.eslahe.com) وەرگیراوە.